Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.05 20:51:32 +01'00'

# بنەما مێژووییەکەی برایەتی کورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆ ئاشوری و مافەکانی کورد

ئەردەشێر شۆڕش/کوردستان/ کەرکوك/ ardasher21@hotmail.com

هەر لە کۆنەوە کوردستان لانەی بەیەکەوە ژیانی برایەتی و تەبایی بووە و نەتەوەی کوردیش بە نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و میواندۆست ناسراوە و توانیویەتی ئەو برایەتییەی نێوان گەلانی ناوچەکە بپارێزێت، لەدێر زەمانەوە و هەر لەو سەردەمەی کە خەلیفە و سوڵتانەکان خاکی کوردیان داگیرکرد و کردیانە کۆیلە لەسەر خاکی خۆی، بۆ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی نەبێت بەرامبەر ئەو چەوساندنەوە بێ وێنەیە ئاین بووە ئەو مەرجەعە یەکخەرەی نێوان کورد و داگیرکەرەکەی، ئیتر خەلیفە و سوڵتانەکان وەك دکتۆر عەلی وەردی دەڵێت: لە ڕێگای واعیزە بەکرێگیراوەکانیان هەردەم باسیان لە جیاوازی نەبوون لە نێوان عەرەب و عەجەمی تەقواکاردا دەکرد بێ ئەوەی لە واقیعدا ئەم بێ فەرقیە هەبێ کە مەبەست نەتەوەی سەردەست توانی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ڕەنگە تا ئێستاش کورد بەم لێکدانەوە ئاینییە هەڵخەڵەتێنێ و بەنجی بکات، چونکە ئەم بێ فەرقیە و برایەتییە ئیمانییە بۆتە ڕێگر لەبەردەم خۆناسینی کورد وەك نەتەوەیەکی جیاواز لە عەرەب و تورك و فارس و لەدوای ئەمەش داوای مافە ڕەواکانی خۆی بکات. دەبینین بەرامبەر کوشت و بڕ و ئەنفال و کۆمەڵکوژی هەردەم پەنا دەباتە بەر ئەم گووتارە خەیاڵیەی کە داگیرکەر خۆی دایهێناوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی، مەبەستمان برایەتی ئیمانییە لە نێوان گەلانی موسڵمان، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کورد هەر بەژێردەستی بمێنێتەوە و داگیرکەرەکەش هەر بە دەسەڵاتدار، دەبینین ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لەلای کورد لەسەردەمی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و نەمانی دەوڵەتی خەلافەتیش کە عوسمانییەکان دوا مۆدێلی ئەو دەسەڵاتە داگیرکەرە بوون، لە شێوەی ئەنتەرناسیۆنالیزمی چەپ و کۆمۆنیستی سەریهەڵداوە و ئەنتەرناسیۆنالیستەکانی کورد بڕوایان بە نەتەوە و نەتەوایەتی نەبوو بەڵکو بڕوایان بە چین واتا(الطبقة) هەبوو کە دەبێت چینی کرێکار لە هەر نەتەوەیەك بێت کە لە دژیان دەوەستێ لەناوی بەرن، لەبەر پێنەگەیشتنی چینایەتی لە نێو کورد ئەم ڕێبازەش وەك درێژبوونەوەی ئەو برایەتییە ئیمانییەی سەردەمی خەلافەت زیانێکی زۆری لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دا و بووە هۆی ئەوەی کە ئەنتەرناسیۆلیستەکانی کورد خزمەت بە کێشە ڕەواکەی گەلەکەیان نەکەن و ببنە هۆی دابڕان و دابڕبوونی کورد و ئاژاوە و شەڕی نێوخۆ و خزمەتکردنی بێگانە بەناوی هاوخەباتی چینایەتی و ..هتد، بەمەش دوورکەوتنەوەی کورد لە ئامانجە ستراتیژی و سەرەکیەکەی کە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بوو بە درێژایی جەنگی سارد وەك هۆکارێکی بابەتی بەرچاو ئەو جۆرە لێکدانەوەیە واتا هاوخەباتی چینی کرێکارانی جیهان و چاوەڕوانکردنی گۆڕانی جیهان بەرەو سۆسیالیزم و ئینجا چارەسەری کێشەی لە نێو حکومەتێکی ئەنتەرناسیونالیستی جیهانی، ئەمانە هەموو بوونە کۆسپ لەبەردەم خەباتە نەتەوەییە ڕاست و

ڕەوانەکە و چەواشەیان کرد و بە لاڕێ یان دابڕان لە کوردستانی بەشی عێراق زیاتر لە سەدەیەك خەباتی چەکداری دەکرێت و بە هەزاران قوربانی و شەهید دراوە و بە هەزاران گوند و شاری کوردستانی وێران کراوە، ئیتر پاش ئەم هەموو ڕەنج و قوربانییە خەڵکی کورد لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 توانی لە سێ پارێزگا (هەولێر و سولەیمانی و دهۆك) حکومەتێکی نیمچە ئازاد و پەرلەمانێك دابمەزرێنێ بەمەش هیوای هەموو ئازادیخوازانی کورد بوژایەوە کە ئەم دامەزراوانە زیاتر بەرەوپێش بچن لە ڕووی جوگرافیا وەك هەموو شوێنە داگیر و بەعەرەبکراوەکان کەرکوك و موسڵیش ناوچە کوردییەکانی بگرێتەوە و حکومەت و پەرلەمانیش ئیعترافی( UN ) و هەموو وڵاتانی جیهانی پێبکرێت، بەڵام بەداخەوە هەر لەدوای داڕمانی ڕژێمی بەعس و سەرکەوتنی هاوپەیمانان دەبینین خاوبوونەوەیەك لەو ڕەوتە دەبیندرێت، لە جیاتی بەرزکردنەوەی مافی سادە و ڕەوای کورد کە خۆی لە فیدرالی جوگرافی و نەهێشتنی پاشماوەی تەعریب بەرز بکەنەوە و کاری بۆ بکەن، دروشمی(برایەتی و پێکەوە ژیانی کورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوری) بەرزکراوەتەوە، هەڵبەتە هیچ بزاڤێکی ڕزگاریخوازی دیموکراتی وەك بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دژی برایەتی گەلان نییە،بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەڵام لەم کاتەی ئێستا و لەو هەل و مەرجەی ئێستا بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە زۆر لە دووبارەبوونەوەی سەردەمی عێراقچێتی و ئەنتەرناسیۆنالیستیەکەی شیوعیەکانی سەردەمی پەنجاکان و شەستەکانە، کە بەناوی چینی کرێکارەوە دەیانویست کورد دەست لە خەبات لە پێناو ئازادی خۆی هەڵبگرێت و لەنێو عێراقچێتی چینی کرێکاردا بتوێتەوە، مەترسی ئەو دروشمە لەوەدایە کە حەماسی شۆڕشگێڕی و هۆشی کوردایەتی دادەبەزێنێ و بەرەو بە عێراقبوونیان دەبات بێ ئەوەی دام و دەزگای مەدەنی و یاسایی وا هەبێت کە مافەکانی نەتەوەی کورد پەسند بکات، بە پێچەوانەوە ئەوەی ئێستا لە عێراقدا ڕویداوە بە هیچ شێوەیەك مانای بە دیموکراتی بوون نییە، بەڵکو هاوپەیمانان ڕژێمێکی شمولی و دیکتاتۆری بەعسیان لەناوبرد و لە جێگاکەی چەند کانتۆنی تائیفی و مەزهەبی و ئەتنیکی دروست بووە کە بە هەمان ڕێبازی فاشیستی بەعس و بە پشتیوانی دەوڵەتانی ئیقلیمی و دراوسێی عێراق دەیانەوێت شوێنی بەعس بگرنەوە بۆ نموونە: کەمینەی تورکمان کە هیچ شوێنێکی جوگرافی سەربەخۆیان نیە و تێکەڵ بە کورد و عەرەبن، لەسەردەمی بەعس هیچ بزاڤێکی سیاسیان نەبوو بەناوی مافەکانی تورکمان لە دژی ڕژێمی بەعس جەنگی بێت یان خەباتی کردبێت، کەچی تورکیا بۆ دژایەتی کورد بەرەی تورکمانی و حزبەکانی ناوی لە هیچەوە دروست کرد، بۆیەش بەرەی تورکمانی وەك پاشکۆی سیاسەتەکانی تورکیا دژ بە ناوهێنانی کوردستانە، دژ بە گەڕانەوەی کوردە بۆ زێدی باب و باپیری لە شاری کەرکوك و موسڵ و هیچ ئیعترافێك بە بوون و دەسەڵاتی کورد ناکات و دژی فدرالیەتن، ئەگەرچی کەمینەیەکی زۆر کەمن، بەڵام لە هەموو پارێزگاکانی کە کورد حوکمی تێدا دەگێڕێت بارەگایان هەیە و بە ئازادی دێن و دەچن و گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەفزیۆنیان هەیە، ئەمە لە کاتێکدا لەلایەن کوردەوە ئەم مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت کەچی زیاتر لە(25) ملیۆن کورد لە کوردستانی بن دەستی تورکیا لە سادەترین مافیان کە قسەکردنە بە زمانی کوردی بێ بەشکراون. لەلایەکی تر

موقتەدا سەدر کە ڕێبەرێکی شیعەیە و بۆ دژایەتی کورد لە نەجەفەوە هاتووە بۆ داقوق، ئەویش بۆ ئاژاوە نانەوە و ڕێگا گرتن لە گەیشتنی کورد بە مافەکانی، دەستی لە دەستی بەرەی تورکمانی ناوە و چەندین جارە ئاژاوە لە داقوق و دووز و کەرکوك دەنێتەوە، چەندین جارە تەکفیری کوردی کردووە و ئیعلانی جیهادی لە دژی کورد و ئەمەریکا ڕاگەیاندووە، لە دوا ئاژاوەی(موقتەدا سەدر) ئیهانەکردنی بەڕێوەبەری پۆلیسی داقوق بوو کە ئەفسەرێکی کوردە، لەسەر لێکردنەوەی بەیاننامەیەکی ئەوان، کە تێیدا خوێنی کەسێکیان هەدەرکردبوو ئەویش پەنای بۆ پۆلیس بردبوو، بۆیە(موقتەدا سەدریش) بە هەمان شێوازی بەعس کە کاتێك کەسێکی ئیعدام دەکرد یان ئەشکەنجە و ئەتکی دەکرد بە کامیرای ڤیدیۆ وێنەیان دەگرت، وێنەی بەرپرسی پۆلیسی(داقوق)ی گرت لەو کاتەی کە بە زۆر بەیاننامە و وێنەی ڕێبەرەکەی خۆی پێ ماچ کرد بە کامیرای ڤیدیۆ بۆ ئیهانەی کوردیش لەسەر هەزاران(CD) بلاویان کردەوە، ئێمە ئەگەر سەیری مەترسی ئەو برایەتییە بکەین دەبینین تەکلیفەکەی چەند گران لەسەر کورد رادەوەستێ لە کاتێکدا بە کورد ڕەوا نابینن ئالای خۆی لەسەر شاری کەرکوك هەڵبکا کەچی بەیاننامەی حیزبەکەی بە بەرپرسێکی پارێزەری یاسا هەر لەبەر ئەوەی کوردە بە زۆر پێی ماچ
دەکات، لە کاتێکدا ڕێگا نادەن ئاوارەکانی
کەرکوك بگەڕێنەوە و هەزاران کێشەی لەبەردەمدا دروست دەکەن، موقتەدا سەدر بە دەیان ئۆتۆمبێلی پڕ چەکدار لە نەجەفەوە دەهێنێ تا ئاژاوە لە نێو کەرکوك لە دژی کورد بنێتەوە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت برایەتی بێ مەرج و ڕێککەوتن کە ئامانجی هەمووان بپارێزێت دروشمێکی هەڵخەڵەتێنەر و زیانێکی زۆر بە کورد دەگەیەنێ، ئەگەر کوردیش وەك کانتۆنەکانی تر بە تایبەتی تورکمان و عەرەبی سوونە و شیعە بە گوتارێکی نەتەوەییانە تۆکمە داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆی بکات بە تایبەتی فیدرالیەتی جوگرافی و نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب، ڕێگا نەدان بە تیرۆریست و ئاژاوەگێڕان کێشە لە نێوان کورد و عەرەب و تورکمان بنێنەوە و ئەو مافانەش ببنە بەندی یاسایی نەگۆڕ لە دەستوری عێراق و بە کردەیی کاری پێبکرێت ئەگینا برایەتیمان لەسەر بنەماکانی دروشمی(برایەتی و پێکەوەژیانی کورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوری)..!! ئایا ڕاستە گەلانی عێراق برای ئێمەن..؟!!